Kurdistannet کوردستان نێت

# پەیامیی پێشنیاز و پشتیوانیکردن، بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان!
## بە ناوی: کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، حکومەتی رۆژاوای کوردستان، کۆمیتەی باڵای رفراندۆم.



**لە سەرەتاوە: پرسەو سەرە خۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی هەموو شەهیدانی کوردستان دەکەین.**
**سەبارەت: بەئاڵۆزی و هێرش و پەلامارە دڕندانەکەی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، نەفرەت و رسواو شەرمەزار دەکەین..**

هەروەها پەیام و پشتیوانی کردن و پێشنیازی خۆمان ئاراستەی خەلکی بەشەرەفی رۆژ هەلاتی کوردستان دەکەین و رایدەگەیەنین.. ئەمرۆکە، وەرچەرخانە و وەرچەرخانی بیرو باوەڕی نەتەوەییانەی گەلی کوردە و بەسەرچون و نەمانی دەولەتی دژە مرۆڤایەتی ئیسلامی ئێرانە..

ئێمە، جارێکی دیی هوشیاری بە خەلکی بە شەرەفی رۆژ هەلاتی کوردستان دەدەین، کە بە ئەمەکی و یەکریزی و یەکدەنگی خۆتان بپارێزن و بیرو باوەڕی نەتەوەییانەی کورد بە هێزتر بکەن و بیرو باوەڕی جودا جودای سیاسیانە توربدەن، نەهێلن ئەزموونی کوردستانی باشورتان بەسەردا بسەپێنن. لە کاتێکدا سیاسەتی دەسەلات و کورسی، لە باشوری کوردستان، خەبات و تێکۆشانی هەزاران بنەمالەی شۆڕشگێرو نیشتمانپەروەر و خوێنی هەزاران شەهیدی کورد و کورستانیان، بەبێ ئامانج و دەستکەوتی نەتەوەیی، کرد بەقوربانی دووبنەمالە!

**ئێووە نەوەی میدیاو "زەردەشت"ی سەرچاوەی دیموکراتی و خۆشەویستین، خاوەنی کەلەپیاوی وەک، قازی محەمەد، عەبدورەحمان قاسملو، سادقی شەرەف کەندی، حەمەحوسێنی، جەعفەری شەفیعیی، سلێمانی موعینی، سدیقی کەمانگەر، شوانە قادری و محەممەدی شەرەیعەتی، کاوەی وەکیلی، شادومان محەممەدی، هەیاسی رەمەزان زادە و سەدان کەلە شەهیدی دیکەی گەلەکەمانن. هەروەها لە بواری هونەرو ئەدەبیاتیشدا وێنەی کەلە پیاوی وەک، بابە تایەری هەمەدانی و هێمن موکریانی و هەژارو مامڵێ و حەسەن زیرەکی کوردو کوردستاننتان هەیە..**

بۆیە قەت ئەزمونی تایفەگەریتی و کۆنە پەرستی لە رۆژ هەلاتی کوردستان جێی قبولنیە ونابێ. ئەوەتا رژێمی کۆنەپەرەستی ئیسلامی ئێران بە هێرش و پەلاماردان و کوشتنمان هەرگیز نەوەستاوە، بەلکو لەگەل ئەوەشدا، شوێنەوارە پیرۆزو و **"ئاتەشگا"** خواییەکانمان، دەشێوێن و پایتەختی زەردەشتیەکانی نەتەوەیی کورد،وێران دەکەن و ئاسەوارەکانی لە نێو دەبەن و دەیکەنە سەربازگەی ئیسلام شیعە. لە کاتێکدا، لە شاری سلێمانی یەک ئیسلام شیعەنیە،کەچی مزگەوتی شیعە، درووستدەکرێ و ئاوادان دەکرێتەوە! ئێمە، ئەو هەلوێست و بنکانە، لەسەرخاکی باوباپیرانی گەلی کورد، قبولناکەین بەلکو نەفرەت و شەرمەزاریشیی دەکەین.. ئەی جەماوەری بەشەرەفی سەقزو سنەی خوێناوی و کرماشانی دێرین و بۆکانی دایکی هونەرمەندان، .ئەی شاری مهاباتی ئەدیب وشاعیران و شێرەپیاوان، سەردەشتی هاوڕێی هەلبجەی شەهیدان، پیران شار و بانەو مەریوان، تا هەمەدان و ئیلام و کارون، مێژوو شایەدە، ئێوەن سەرچاوەی شارستانیەت و زەردەشتیەکان، هەروەها ئێوەن کەلتورو فەرهەنگی رەسەنی لە مێژینەی هەزاران سالەی نەتەوەیی کورد. بۆیە راپەرینتان جێی شانازیی و سەربەرزییە بۆ هەموو بەشە داگیرکراوە کانی دیکەی کوردستان، راپەڕن ئەگەر ئێوە پشتوو پەنای یەکبن، هەرگیز دەولەتی رەگەز پەرستانەی ئیسلامی ئێران دەبەزێنن و لە تێویشی دەبەین. .راپەڕن مەترسن، بە هەلوێستبن، مردن لە پێناوی سەربەخۆیی بوونی کوردستاندا، هەموکات سەربەرزی و شەرەف مەندانەیە. .چونکە ئەمرۆ کاتی رزگارکردن و زیندو کردنەوە و ناساندنی شارستانیەتی دێرین ومێژووی هەزاران سالەی رۆژ هەلاتی کوردستانە، بە جیهان.

**گەلی کورد ئەگەر یەک دەنگ و یەکبین، مافی رەوامان دەستێنین**
**ئێمە ئەگەرخۆمان بناسین نەوەی زەردەشتین، ئەوا هەرگیز نابەزین**
**سنوورمان ئاشکرا و روونە ئەسکەندەرونە و کارون تا چیای حەمرین**
**بەلگەش خاک و ئاو و کانزاو مێژوومان، شایەدە بۆ ئادیا و ئاینمان**
**هەرشەکاوەبێ ئالای ئازادی و سەربەخۆیی بوونی کوردستان!**

**لەندەن** ٢٠٠٥/٨/٤